# ئەندامانی پژاک لە ئێراندا ئازادن

---

کورد دەڵێ ئەو ماستە موویەکی تێدایە

منیش دەڵێم ئێوە وەرن ووڵامی ئەم پرسیارەی من بدەنەوە!

لەوەتەی من لەبیرمە، یان لەوەتەی کە باوکم لەیادی بووەو بۆ منی گێڕاوەتەوە، لەم کاتەوە کە هەستم بەوە کردووە پرسیار لە خەڵک بکەم و ژیانی سیاسی خۆم وخەڵک بزانم، لەوەتەی ڕێژیمەکانی دەسەڵاتدار لە ئێران، ئێراق، تورکیا و سوریا لەسەر کار بوونەو حوکمیان کردووە، لە ڕێژیمی پەهلەوی و سەردەمی مستەفا کەمال ئاتاتورک و سەدام و ئەسەدو ئاخوندەکانی ئیران و هەتا ئەم دەقیقەیەی کە ئەم وتارە دەنوسم هەر گیز نەبیستوومەو نە بینیومە کە ئەندامێک، کادرێك، یان پێشمەرگەیەکی کورد بە تاوانی ئەندام بوون یان فەعال بوون لە ناو حیزبێکدا بانگ کرابێتە ئیتلاعات، ئیستخبارات یان میتی تورکی و بە سەلامەتی هاتبێتەوە! چونکە ئەندامی هەر کام لە حیزبەکان بە شێوەیەکی نهێنی و مەخفی کاری تەشکیلات، یان بڵێم کاری حیزبیان کردووە. ئەگەر هەر کاتێکیش ئەندامێك کادر یان پێشمەرگەیەک گیرابێت ڕێبەرایەتی حیزبەکان باسیان نەکردووەو تەنانەت بە هیچ شێوەیەک ناویان نەهێناوە! چونکە دیفاع لێکردنی ئەم گیراوە یان ئەم ئەسیرکراوە بە قازانجی نەبووە بەڵکو بە زەرەری تەواو بووە، بۆیە حیزبەکە یان ڕێکخراوە سیاسییەکە خۆی لە ناو هێنانی پاراستووەو لە ڕێگای ئەندام و لایەنگرەکانی‌یەوە بە شێوەی نهێنی هەوڵی بۆ داوەو کاری بۆ کردووە. هەروەها تا ئێستا نەمبیستووە کە لە کاتی بانگ کردنی ئەندام و لایەنگرانی حیزبێکی سیاسی کوردیدا لە لایەن ئیتلاعات، میت یان مخابەراتەوە حیزبەکە بڵێت ئەو ئیدارەیە ئەوەندە ئەندامەی ئێمەی لە فلان شارە بانگ کردووەو هەڕەشەی لێ کردوون. دیارە ئەمە نەک لە چاکەی ئەم ئیدارانە بێت بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ئەندام بوون لە ناو حیزبێکی کوردیدا دەبێت نهێنی بێت و کەس پێی نەزانێت، چونکە ئاشکرا بوون بە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مانای زیندان و ئەشکەنجەو ئازارو ئیعدام کردنە لە ولاتەکانی ئێران، ئێراق، تورکیا و سوریا!! بۆ نمونە ، ئەگەر لە کوردستانی ئێران ئیدارەی ئیتلاعات بزانێت فلان کەس خەڵکی مهاباد، دانیشتوی فلان شوێنە ئەندامی کۆمەڵە، حدکا، یدکا، خەبات یان فلان حیزبەیە بە بێ سێ و دوو لێکردن دەیگرن و وەک هەمووماں دەزانین ئەگەر ئیعدام نەکرێت بە دڵنیایەوە زیندانی ئەبەدی بۆ دەبڕنەوە!! ئێمە بە دەیان کەسمان بینیوە یان ناسیوە کە ئەندامی هیچ حیزبێکیش نەبوونەو پەیوەندیان بە هیچ رێکخراوێکی سیاسیەوە نەبووە، کەچی یان لەژێر ئەشکەنجەدا مردووە یان زیندانی ئەبەدیان بۆ براوەتەوە یان بە ئیعدام مەحکوم کراون!
بەڵام ئەوەی کە بۆ من و بۆ هەر کەسێکی کورد جێگای پرسیارە ئەمەیە، ئایا ئەمە چی سڕێکە کە ئێمەی کورد نایزانین و پەی مان پێ نەبردووە کە، بۆچی دۆست و ئەندامانی بە ناو (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان) زۆر ئازادانە فەعالیەتی سیاسی خۆیان لە ناو کوردستانی ئێراندا دەکەن و ئیدارەی ئیتلاعات و سپای پاسداران و..... نە دەیانگرن و نە پێیان دەڵێن پشتی چاوتان برۆی لێیە!! ئەندامی حیزبەکانی تر ئیعدام دەکرێن کەچی وەک ئەوەی ئیدارەی ئیتلاعات و... لەبەر ئەندام و لایەنگرانی پژاک دەپاڕێنەوەو داوای لێبوردنیان لێ دەکەن بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە چالاکییەکانیان نەدەن!! ئەندام و لەیەنگرانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران لەژێر ئەشکەنجەدا گیان دەدەن کەچی ئەندامەکانی پژاک تەنیا هەڕەشەیان لێ دەکرێت و پاشان دەگەڕێنەوە بۆ سەر کاری خۆیان!!! حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران تا ئێستا باسی ئەوەیان نەکردووە کە فلان ئەندامە یان لە فلان شوێنە ئەندامەکانیان بانگی ئیدارەی ئیتلاعات یان سپا کرابێت، کەچی حیزبەکەی دەسکردی پەکەکەی دۆستی ئاخوندەکان دەڵێن کە لە مهاباد، هێزەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتیلاعاتی رژێم وەخۆ کەوتن و کوێرانە چەند کەسێکیان لە دۆستانی پژاک بانگ کردە ئیدارەی ئیتلاعات و لێپرسینەوەیان دەگەڵ کردن و هەڕەشەیان لێ کردن کە دەبێ رێکخەری ئەم جۆرە چالاکیانەیان پێ بناسێنن !!!! لە کۆتاییدا دەڵێم ، ئایا ئەگەر بەڕاستی دروستکردنی( پژاک) بیرۆکەی ئاخوندەکانی ئێران بە هاوکاری پەکەکە بۆ زەعیف کردنی ئۆپزیسیۆنی کوردستانی ئێران نیە چۆن ئاوا بە ئاشکرایی دەڵێن ئەوەندە ئەندامەمان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بانگی ئیدارەی ئیتلاعات کراون و ئازادانەو بە بێ ئەوەی لە گوڵ کاڵتریان پێ گوتبوون ئازاد دەکرێن!؟ ئایا ئەگەر بە ڕاستی ئەم بە ناو پەژاکیانە داردەستی ئیتلاعات و سپای پاسداران نین چۆن ئوا ئازادانە دەتوانن کاری سیاسی تەشکیلاتی لە ناو شارەکانی کوردستانی ئێراندا بکەن!؟ بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم ئەو ماستە نەک موویەکی تێدایە بەڵکوو پڕە لە موو.


کەریم موکریانی

10.03.2005

kerimmukri@yahoo.com


سەرنج: ئەمەی نوسراوەیەی خوارێ لە سایتی پژاک وەرگیراوە دەقی نوسراوەکەی خۆیانە



چالاکی

09-03-2005

لاوانی مەهاباد

چالاکی لاوانی مەهاباد بە بۆنەی 8ی مارس و تووڕەیی کاربەدەستانی ڕژیم

دوێنێ شەو لاوانی شاری مەهاباد لە چالاکییەکی بەرفراوان دا سەرجەم گەڕەکەکانی شاری مەهابادیان پڕ کرد لە بەیاننامەی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان و یەکیەتی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەم بۆنەیەوە نوسرابوو ن......
لاوان بەیاننامەکانیان لە گەڕەکەکانی تەپەی قازی ، دۆڵی کەروێشکە ، مەحمودکان ، فەرهەنگیان ، بازاڕ، گەڕەکی هەرمەنیان ، هەشت میترییەکان ، مەلا جامی ، باغی سیسە ، دانیشگای ئازاد و باقی شوێنەکان بڵاو کردەوە .
دوابەدوای چالاکییەکەی لاوانی مەهاباد ، هێزەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتیلاعاتی ڕژێم وەخۆ کەوتن و کوێرانە چەند کەسێکیان لە دۆستانی پژاک بانگ کردە ئیدارەی ئیتلاعات و لێپرسینەوەیان دەگەڵ کردن و هەڕەشەیان لێ کردن کە دەبێ ڕێکخەری ئەم جۆرە چالاکیانەیان پێ بناسێنن .

تووڕەیی دەزگاکانی ئاسایشی ڕژێم گەیشتە ڕادەیەک کە تەنانەت ئەو تڕاکت و نوسراوانەی کۆمەڵەی ژنانی یاریدەری نیشتمانیشیان لێ کردەوە کە لە چوارڕێی ئازادی و مەیدانی چوارچرا بە بۆنەی 8 ی مارس هەڵواسرابوون .
شایانی باسە کە ژنانی یاریدەری نیشتمان ، کۆمەڵەیەکی مۆڵەت پێدراوە و ئەو تڕاکت و نوسراوانەشیان بە ئیجازەی شارەداری مەهاباد هەڵواسیبوو .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com